# سەرنجێک لەسەر نیشانەی (دە)

ئامادەکردنی: م. عبدالله عبدالقادر علی

ئامادەیی (سلێمانی)ی کچان

شەممە (٢١–١٠–٢٠٢٣)

**نیشانەی (دە)ی ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن لە هەردوو حاڵەتی ئەرێ و نەرێ، نیشانەی (دە)ی ڕانەبردووی ڕاگەیاندن لە حاڵەتی (ئەرێ)دا، دەرنەکەوتنیان نییە و هەمیشە دەردەکەون.**

دەرکەوتنی (دە)ی ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن پێویستە، چونکە ئەگەر نیشانەی (دە) دەرنەکەوێت لەگەڵ (ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن)دا هاوشێوە دەبن و ناتوانرێت جیا بکرێنەوە.

**نم/ پێشدەکەوت ← پێشەکەوت (ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن)**

**لەم حاڵەتەشدا هەرچەند سوان ڕووی داوە، بەڵام (ە)ی بەشێک لە نیشانەکە بەکورتکراوەیی هەر ماوەتەوە، واتە (دە) کورت بووەتەوە بۆ (ە) و لە کاتی قسەکردندا پیتی (د) ناوترێت و زۆر ئاساییە، بەڵام لە زمانی نووسیندا دەبێت نیشانەکە هەر بە فۆڕمی سەرەکیی خۆی، کە (دە)یە، بنووسرێت.**

**نم/ پێشدەکەوت ← پێشەکەوت (ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن)**

**نم/ پێشکەوت (ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن)**

**دەرکەوتنی (دە)ی ڕانەبردووی ڕاگەیاندنیش پێویستە، چونکە ئەگەر نیشانەی (دە) دەرنەکەوێت لەگەڵ (ڕانەبردووی دانانی)دا هاوشێوە دەبن لەو چاوگانەی، کە (بەشی یەکەمی کار)مان هەیە، ئەگینا لە [چاوگی سادە و داڕێژراو بە پاشگری (ەوە)] لە ڕانەبردووی ڕاگەیاندندا هەمیشە نیشانەی (دە) دەردەکەوێت.**

**نم/ پێشدەکەوم ← پێشەکەوم (ڕانەبردووی ڕاگەیاندن)**

**لەم حاڵەتەشدا هەرچەند سوان ڕووی داوە، بەڵام (ە)ی بەشێک لە نیشانەکە بەکورتکراوەیی هەر ماوەتەوە، واتە (دە) کورت بووەتەوە بۆ (ە) و لە کاتی قسەکردندا پیتی (د) ناوترێت و زۆر ئاساییە، بەڵام لە زمانی نووسیندا دەبێت نیشانەکە هەر بە فۆڕمی سەرەکیی خۆی، کە (دە)یە، بنووسرێت.**

**نم/ پێشدەکەوم ← پێشەکەوم (ڕانەبردووی ڕاگەیاندن)**

**نم/ پێشکەوم (ڕانەبردووی دانانی)**

مامۆستا (عبدالله عبدالقادر علی)